## ئێکسسوار لە شێوازی قژ!

زیاتر وا باوە کە ئێکسسوار بە تەنیا بپۆشرێت و بەمەش دیمەنی ڕاستەقینەی خۆی دەخاتەڕوو، بەڵام لێرەدا دەتوانین شێوازی ئەو ڕواڵەتە بگۆڕین و بەرەو ستایلێکی دیکەی ببەین، وەك لە بەکارهێنانی ئێکسسوار بۆ قژ، کە لە پێشوودا تەنیا تۆقە هەبوو بۆ بەستنی قژ، بەڵام لەگەڵ مۆدەی تازەی ئێکسسوارە تازەکان، هەوڵدراوە بۆ داپۆشینی قژ بە ئێکسسوار، کە ئەوەش هەنگاوێکی تازەیە لە بواری جوانکاریدا، واتە بیرۆکەیەکی شایستە و تازەیە، وەك لە



وێنەکەدا دەبینن چۆن توانراوە کە ئێکسسوارەکان لە جێگەی تۆقە بن، تەنانەت جێگەی قژیش بگرنەوە و ببن بە مۆدەیەکی جوان، ئەو جۆرە ئێکسسوارە، شێوەیەکی بەرچاوە، زیاتر لەگەڵ قژی کەزیکراو یان قژی خاو بەکاردەهێنرێت، واتە لەسەر قژەکە دەوەستێت و بە ئەندازەی شێوەی قژەکە دەبێت، ئەمەش دەبێ لەسەرەتا کە شێوەی قژەکە بزانرێت و دواتر تەسریحەی بۆ بکرێ یان دیمەنێکی هاوشێوەی ئێکسسوارەکەی بۆ دەربچێت، لەم لایەنەدا دیمەنێکی بەرچاوی جوانکاریمان بۆ دەردەکەوێت کاتێك ئێکسسوارەکان هاوشێوەی شێوازی قژەکان دەبن.

## هەنگاوەکانی ماکیاژێکی شایستە بـ



ماکیاژی چاو گرنگترین بەشی ماکیاژ لە خۆ دەگرێت، کە پێویستی بە کارێکی ئەوتۆ هەیە تاکو ماکیاژێکی شایستەمان دەست بکەوێت، زیاتریش گرنگی بە ماکیاژی چاو دەدرێت، کە لە ڕێگەی چاوەوە جوانی ڕووخسار دەدرەوشێتەوە، چەند هەنگاوێك بۆ ماکیاژێکی جوان لەم ڕێگەیانەدا بەدی بێنە :

- سەرەتا ڕەنگێکی سادەی سووری جەرگی یان ڕەنگی قرمزی لە بژانگی سەرەوە بدە، هەروەها کەمێکیش لە برژانگی خوارەوەش بدە.

- دواتر ڕەنگی سوور یان ڕەنگی گۆشتی بە بریقە تەواوکەری برژانگ و پشتی سەرەوەی چاو بێت، کە ببێتە هێڵی ڕەنگی قرمزیەکە، هەروەها فڵچەی بۆیە بەرەو لای دەرەوەی چاو رابکێشە کە ماکیاژ بکات.

- بە ڕەشی چاو، یان کل، هێڵێکی بڵند دروست بکە، بکەوێتە سەر برژانگی سەرەوە و دواتریش بەرەو ژوورەوە بچێتەوە.

- پاشان فڵچەی ماکیاژ لەگەڵ لێواری پشت چاو رابکێشە

## بەدی و بلووز بۆ وەرزی تازەی هـ

هەر جلوبەرگێك جوانییەکی خۆی هەیە، ئەم جلانەش شێواز و ڕێگەی خۆیان هەیە لە چۆنییەتی پۆشین و ئامادەکارییەوە، بۆیە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی جلی تایبەت و کارامە، بۆ کات و ساتی خۆی، گەورەترین هەنگاوە لە بواری جوانکاریدا، کە هەر هەنگاوێك کاریگەریی خۆی هەیە، لەگەڵ ئەو وەرزە گەرمە یان هاتنەوەی وەرزی هاوین و بەڕێ کردنی وەرزی بەهار، مۆدەی بلووز و بەدی دێتە کایەوە، کە زیاتر لە وەرزی هاوین دەپۆشرێن و لەگەڵ ئەوەی جلێکی سەرنجڕاکێشە، هەروەها دیمەنێکی جوانی هەیە،





# جلێکی کەم وێنە و ناسک

هەر دەســـتە جلێـــك هێمایەکی جوانی خـــۆی هەیە، یان گوزارشت لە بیرۆکەیەك دەکات، واتە ئەو مۆدەیە شێوازێکی بیرۆکەیەکی جوان دەبەخشێ بۆ ئەو کەسەی دەیپۆشی، ئەو شـــێوازە جلە، هێمایەکی هێمن و نەرم دەبەخشـــێ، کە ئەو کەســـەی لەبەری دەکا، هەســـت دەکەی کەسێکی ئارامە، چونکە جوانی جلەکە بەو شێوەیەیە، لە کاتێکدا هەر مۆدەیەکی دیکە شـــێوەیەکی بە مانا دەبەخشن، دەستە جلەکە ئەم چەند بەشـــەی لە خۆگرتووە : کراسێکی تەنك و ناسك لە ژێرەوە دەپۆشرێ، لەسەرەوەش چاکێت یان بلووزێکی هاوینەی پێش کـــراوە، لەگەڵ جەنتایەکی پەمەیـــی کە بە جۆرێك لەگەڵ ڕەنگی کراســـەکەدا ڕێکخراوە، پانتۆڵێکی قوماش لەهەمان شێوەی بلووزەکە یان چاکێتەکە، کە ئەویش مۆدەیەکی جوانی پیشان داوە کاتێك لەگەڵ جلەکەدا دەردەکەون، جگە لەوانەش قژێکـــی خاو ئەویش بە گوێرەی مۆدەی جلەکەدا بە خاوی دانـــدراوە و ئەمەش جوانترین دیمەنی جوانی دەبەخشـــێ و دەبێتە دیمەنێکی بەرچاو، ملوانکەیەکی ناسك کە ڕەنگ و شێوەی لەگەڵ جلەکە جیاوازە، ئەوەش بۆ سەرنجڕاکێش بوون بەکار هێنراوە.



## ـــــــۆ چاو





بەرەو خوارەوە، هەروەها کـــە هەردوو برژانگ بەرەو لای برۆ بچێتەوە.

- دواتر کەمێك لە پشـــت چاو یان سێبەری شینی بەبریقە لەســـەر هەردوو برژانگەکان بدە کە لەلای بەشـــی ژوورەوەی چاو دەست پێبکات.

- لە کۆتاییشدا دوو جار ماسکارا بەکارهێنە بۆ برژانگەکان و لـــە ژوورەوە و دەرەوەی چاوەکان دەســـت پێبکات و کۆتایی پێ بێت.


## ـــــــاوین

گرنگترین شـــت لە جوانیی بـــەدی و بلووز، کە زیاتر بەدی لەبـــەر دەکرێت لە وەرزی هاوینـــدا، ئەوەیە کە لەگەڵ جەستەدا هاوشێوە و هاو قەبارە بن، چونکە هەر جیاوازییەك نێوانیان دەبێتە هۆی نەشـــیاوی مۆدەکە یان جلەکە، بۆ نموونە : ناکرێ خانمێك جەســـتە لاواز بەدیەکی گـــەورە لەبەر بکات، ئەمـــەش پێچەوانەی جوانکاری و تێکدانی شێوەی ئەو مۆدەیە دەبێ.



## بەهار ڕێواسیشی لەگەڵ خۆیدا هێنا

ئاشـــكرایە لەگەڵ هاتنی بەهار و ســـەوزبوونی دەشت و دەر ڕووەكە سروشـــتی و خۆرســـەكان بەدەر دەكەون و چەندین شـــێوەو جۆری



ئەو ڕووەكانە لە ناوچە شـــاخاوی و دەشتاییەكانی كوردستان دەڕوێن و دوای كۆكردنەوەیـــان دەهێنرێنە بازاڕەكانـــەوە، یەكێك لەو ســـەوزە یان ڕووەكە خۆرســـك و تام خۆشانە ڕێواســـە، ڕێواس تەنهـــا لە وەرزی بەهار و لـــە چەنـــد ناوچەیەكی كوردستان خۆرسكانە دەڕوێت، جیا لەو جوانییەی دەیداتە سروشت ڕێواس تامێكی خۆشـــی هەیەو زۆربەمان لـــە وەرزی بەهـــار چاوەڕوانـــی پەیدابوونی دەكەین، ڕێواســـیش بە پێـــی شـــوێن و ناوچەكانی تام و قەبارەو شێوەیان دەگۆڕێت، هەیانە بچووك و كورتە زیاتر ئەم جۆرە لە سەرەتای وەرزی بەهار دایە كە تازە پێدەگات جۆرێكـــی دیكەی زۆر درێژترە لەویتر و تامیشی تارادەیەك خۆشترە و ترشـــترە، شایەنی باسە دوای پاككردنەوەی زۆرجار ڕێواس بـــە خوێوە دەخورێـــت و تامەكەی خۆشتر دەبێت.



## تەڕەحەڵوا!

**ڕەوەند بەختیار**

هەموومان ناوی تەڕەحەلوامان بیستووە یان خواردوومانە لەبەر ئەوەی ئەوەندە لە مێژ نییە كەم بۆتەوە و ئێســـتا بەدی ناكرێت، تەڕەحەلوا پێشتر لە جیاتی كاستەر یان میوە ئامادە دەكرا، بەشـــێوەیەك كە چەند شـــێوازێكی دروست كردنی هەیە، تەڕەحەلوا زیاتر لە وەرزی زستان بەكاردێـــت بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت كە لە وەرزەكانی دیكەدا ئامادە ناكرێت، تەڕەحەلوا خواردن و ئامادەكراوێكی

## پایسكلێك (١٥) مەتر درێژە

دروست كردنی كەرەستە سەیر و جوانەكان، كە دەبنە مایەی سەرنجڕاكێشـــانی هەست و سەرسامیی جەماوەر، ئەویش بە مەبەســـتی بەدەســـت هێنانی نازناوێك لەو كارەدا، بەمەش دەتوانیـــن ئەو لایەنە پۆلین بكەین لە كاتێكدا هەر یەكە لەو جۆرە كەرەستانە دەبێتە شتێكی سەیر و سەرنجڕاكێش، ئەوەی باســـی دەكەین بریتییە لە درێژترین پایسكل، وەكو دەزانین شـــێوەی پایســـكل چۆنە و درێژی ناگاتە دوو مەتر، بەڵام ئەوەی بۆ نازناو دروســـت كراوە درێژییەكەی دەگاتە (١٣) مەتر و نیو، ئەمەش لەلایەن چەند كەسێكی گوند لە وڵاتی ئەندەنوسیا، كە جێگەی (٩) كەس دەبێتەوە تاوەكو گەشتی پێبكەن.





## بەربازن

لە كوردەواری خۆمان، چەندین شت و كەرەستەی جوان لە پێشوودا دروست كراون، هەریەكە بە شێوە و دیمەنێكی جوان كاری بۆ كراوە، زیاتریش كەرەستەی جوانكاری بۆ ئافرەتان دروســـت كراوە كە بیرۆكەیەكی جوانی دانراوە، یەكێك لەوانە : (بەربازن)ە، كە ئەویش بریتییە لە چەند مێروو یان ئینجانێكی بچـــووك، كە لە یەك ڕەنگ یان زیاتر پێكدەهێنرێ، كە بە ئەندازەی داوە دەزوو دەچێنرێت و شـــێوەیەكی ناسكی هەیە، تەنانەت هەندێك خانمان بە تەنیا دەیپۆشن، ســـوودی بەربازن ئەوەیە، كاتێك خانمان بازن لە دەست دەكەن، یان كەرەستەی دیكە، ئەو بەربازنە دەكەوێتە نێوان بازنگ و دەستەكە، كە كاری پاراستنی دەســـت دەكات لەوەی بە بازنگەكە نەكەوێ و برینداری نەكات.

زۆر سـادەیە و هەمـوو كەس دەتوانێت ئامادەی بكات بەشێوەیەك هەندێك رۆن لە سەر ئاگر جاران لەسەر زۆپای عەلادین رۆنەكەیان گەرم دەكرد، پاشان ئارد دەكرێتە سەر رۆنەكەو دواتریش شەكراوی بەسەر دادەكرێت و بۆ ماوەیەك بە جێ دەهێڵدرێت بۆ ئەوەی سـارد بێتەوەو خەسـت بێت ئینجا دەتوانرێت بخورێت، رەنگە ئێمە یان ئەوانەی ئێستا تەمەنێكی زیاتریان هەیە چەندین یادگاری و بەسەرهاتمان لەگەڵ خواردنی تەرەحەلوادا هەبێت.

## سیناریۆی مردنی کچێک!

كچـە قوتابییەكی چینی بە ناوی (تسـینگ جیا) بە (٢١) سـاڵ، بۆ ئـەوەی بزانێت تـا چەند لەلایەن هاورێ و كەسانی نزیكی خۆی خۆشەویستە، هەڵسا بە تاقیكردنەوەی ئەو خەڵكەی لە دەوروبەری دەژین، ئەویش كاتێك بە نهێنی نمایشێكی سەیری كرد كە ئەو مردووە و وەك كەسانی ئاسایی لە رێورەسمی جەنازەدا خستیانە ناو تابوتـەوە، وێڕای ئەوەی بە مۆبایل و ئیمێڵ هاورێكانی ئاگادارکرابۆوە تاوەكو ئامادەی نمایشـی مردنەكەی بن، ئەوەی سەیرە كاتێك ئامادەبوان لە شوێنی جەنازەكە دەبن، دوای ماوەیـەك كچەكە هەڵدەسـتێتەوە و بە میوانەكان دەڵێ: من نەمردووم و ئەمـەش تاقیكردنەوەی ئێوە بوو بۆم، كە ئەوەی ئامادەبووە دۆستی منە و هاورێمە !



## مۆبایلێک بە (١٧) ملیۆن دۆلار!



لەگـەڵ ئـەوەی مۆبایلـی ئایفـۆن، كە ئامێرێكی مۆبایلـە و لە ویلایەتی فلۆریدای ئەمەریكی دروسـت دەكرێـت، ئەمرۆ بۆتە یەكێك لە بەنرخترین و زۆرترین بەكارهێنەرانی ئەو جۆرە ئامێرە لە گشـت جیهاندا، تەنانەت زۆربەی خەڵك ئەمرۆ بەم ئامێرەی گرتووە و لە كاتێكدا چەندین ئامێری دیكەی چاكتر و بە بایەختر هەن، بەڵام وادیارە لە وڵاتی بەریتانیا دەیانەوێت زیاتر بایەخ بەو ئامێرە بدەن، ئەویش بە دروست كردنی ئامێرێكی ئایفۆن لە ئەڵماس و زێر لەلایەن دیزاینەری بەریتانی (ستیوارات هیوز)ە، ئەوەی سـەیرە كە نرخی ئایفۆنێكی ئاسایی بە (٧٠٠) دۆلارە، كەچی ئەو ئامێرە نرخەكەی (١٧) ملیۆن دۆلارە !


## کچێک هاوشێوەی کیم کارداشیان

زۆر كەس هەن لە جیهاندا هاوشێوەن و یان ئەو وتەیە هەیە كە دەڵێن : هەر كەسێك (٤٠) هاوشێوەی خۆی هەیە، كە ئەمەش جێگەی گومانە لەوەی ئەو چەند كەسـە هەبن، زۆر جار كاتێك كەسێكی ناودار كە هونەرمەندێكە یان ئەكتەرێكی ناسـراوە، ئەمەش كە لەلای خەڵك ناسـراوە و دیارە، بۆیە كاتێك كەسـێك بەو كەسـە ناودارانە دەچێت و گرنگی پێدەدرێت و دەبێتە كەسێكی ناسراو، ئەویش بەهۆی گرنگی پێدانی دەزگاكانی میدیا بەو كەسـە، بەو دواییە هاوشـێوەیەكی كچە نمایشكار و ئەكتـەری ئەمەریكی (كیم كارداشـیان) دەركەوتووە، ئەویش كچێكـی وڵاتی جەزائیرە وناوی (نەبیلە)یە، وێڕای ئەوەی سیما و شێوەی دەچێتەوە سەر كارداشیان، كەچی لە رواڵەتیشدا لاسایی جلوبەرگەكانی ئەو خانمە دەكاتەوە و تاكو زیاتر شێوەیان بەیەكتر بچێت و بەم دواییەش نەبیلە نیازی سەردانی كردنی كیم كارداشیانی هەیە.









# سەربەرزکردن بە دەرزی و دەمبووز !

یەکێك لە فێڵە سەیرەکان لە بواری سەربازی، بۆ هێزی سوپای وڵاتی چین، تاوەکو سەربازەکان سەریان بڵند بێ و سەریان نزم نەکەن، هەڵساون بە دانانی دەمبووز و دەرزی بچووك لە یەخەیان کە دەچێتە سەر مل، کاتێك سەربازێك بیەوێ سەری نزم بکات، دەمبووزەکە یان دەرزییەکە دەچێتە ناو ملی و ژانی دەبێ، بۆیە لە کاتی نمایش و کاری تایبەتدا ئەو کارە دەکەن و بەمەش گشت سەربازەکان سەریان بەرز دەبێت



## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (شێراوە) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..


| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ناوێکی دیکە بۆ شێوەی ڕووخساری مرۆڤ)
- پیتی خانەکانی (٤+٥+٦) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ناوی شتێکە دەخرێتە سەر پشتی گیانداران وەك گوێدرێژ)
- پیتی خانەکانی (٤+١) کۆبکەیتەوە بە مانای (چاکە بە زمانی عەرەبی)
- پیتی خانەکانی (١+٥+٢)کۆ بکەیتەوە بە مانای (گرتن و ئەزیەت دانی گیانداران)

## وتەی ناوداران



- سلاڤۆج زیزێك بۆ خۆشحاڵی دەڵێت:
«ئەوەی کە خەمبارم دەکات; بینینی خەڵکانی گەمژەیە، کە بێهودە خۆشحاڵن.»

**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**



وا پێویست دەکات ئەو کێشەیەی ئێستات بەبێ دەنگی چارەسەر بکەیت، چونکە ناحەزت زۆرەو هەوڵ دەدەن کێشەکەت ئاڵۆزتر بکەن.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**



ڕۆژێك هەر دێت ئەو کەسەی کە هەڵوێستی بەرامبەرت خراپە، پەشیمان دەبێتەوە کەمێك دان بەخۆتا بگرەو ئارام و لەسەر خۆبە، هەموو شتێك ڕوون دەبێتەوە.

**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**



دڵی خۆت مەکەرەوە بۆ کەسانێك کە لەدواییدا لای خەڵکانی دیکە گاڵتەت پێ بکەن، باری سۆزداریت کەمێك ساردی تێ دەکەوێت.

**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**




ئەوەندە خەم و خەفەت مەخۆو بەزەیی بەخۆتا نایەتەوە، چونکە زۆر کەسی دیکە هەیە زۆر لەتۆ زیاتر لەژێر باری سەختی ژیاندا دەژین.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**



تۆ ئێستا بەکاتێکی زۆر ناسك و دژوار تێدەپەڕیت، هەوڵی زیاتر بدە گەشە بەپەیوەندییە سۆزدارییەکەت بدەیت.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**




ڕاستە لەکارەکەی ئێستات ماندوویت، بەڵام ئەو پرۆژەیەی بەدەستتەوەیە شایستەی ئەم هەموو ماندووبوونەیە.

## وێنە و بیرکردنەوە

- لەو دوو وێنەیەدا، دوو باڵەخانە هەن، یەکێیان راستە بزانە کامەی درووستە و راستە:


١


٢

## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی ناوی گۆڤارێکی کۆنی کوردیت بۆ دەردەچێت :

ە ژ گ ا و ل ێ

وەڵامی ژمارەی پێشوو : تۆرکە

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢



پێویستە دڵی خۆشەویسترین کەس لەخۆت نەشکێنیت، چونکە ئەو کەسە زۆر هەڵوێستی چاکی هەبووە بەرامبەر تۆ، بەچاکی قەدری بزانە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢



کەسانێك بەلایانەوە ئاسایییە خەڵکی بشکێننەوە، بۆیە خۆت لەو جۆرە کەسانە بەدوور بگرە، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی بەچاوی سووك سەیری تۆش بکرێت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢



وانەزانی هاوڕێکانت لەم هەڵوێستەی دوایی تۆ تێناگەن، تێدەگەن بەڵام لەبەر چەند هۆیەکی تایبەتی چاو پۆشییان لێ کردووە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩



ئەگەر دان بەهەڵەکانت بنێی ئەوا لەڕێزو حورمەتت کەم نابێتەوە، بەڵکو دەبێتە هۆی واستبوونەوەی خۆشی شادی دڵت داگیر دەکات.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨



هەر چەندە ئێستا باری داراییت خراپە بەڵام زۆر ناخایەنێت دەرگایەکت لەبەردەمدا دەکرێتەوە کە دەبێتە هۆی ئاسوودەیی و ئارامیت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠



ئەگەر ئەوکارەی کەوا بیری لێدەکەیتەوە کەئاسانەو سەردەکەویت تێیدا ئەوا بەهەڵەچوویت، واز لەم کارە بهێنە ئەگینا شکست دەهێنیت.

## بە مانگی لە دایک بوونت خۆت بناسە

لە دایکبووی مانگی (٣):
سەرنجڕاکێشە
- زیرەکە
-رۆشنبیرە
- گورجوگۆڵە
- جار بەجار شەرم دەکات - دڵی باشە
- هەستیارە
- دەزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ هەموو مرۆڤێکدا بکات.




- کوڕێك بە کچێك دەڵێت: وابزانم قەڵەو بوویت!!
کچەکەش دەڵێت: بەچی دەزانی؟
کوڕەکەش دەڵێت:
ماوەیەکە لەناو دڵما جێگات نابێتەوە.!

- سواڵکەرێك هەموو رۆژێك بۆ سواڵکردن لە دەرگای ماڵی پیرەژنێك دەدات، رۆژێکیان. پیرەژنەکە دەڵێت: ئەوە دیسانەوە هاتیەوە بۆ سواڵ کردن..
پیاوەکەش دەڵێت: ئەی خۆ نایەم بۆ خوازبێنیت!!